# مانگ

فواد قاموسی- سەقز



مانگ هەرگیز
ئەگریجەی یاری
بە گوڵباخی نەڕازانووەتەوە
ئەو بۆ میوانی مرۆ
تەنیا خۆ دەڕازێنێتەوە و
چاوەڕوانی میوان دەکا

٭٭٭

ئەورۆ خانویەک
بۆ مرۆیەکی زۆر پاک
بۆ میوانێک
بە خێن کراوە بە کۆشکێک
میوان گەر نەیێ دەڕوخێ

٭٭٭

مانگ تەنیا ماچی دیوە و
خواکان لێویان نەداتێ
تا ماچێک لە سوچی لێوی سەهۆڵ بەسێ
بەڵام هەموو رۆژ
هەناسە سوار
بۆ ماچی هەتاو هەڵدەفڕێ
مانگ دێ و دەڕوا و
پەشێو و چاو ماق
لە تاریکستانێک،
لە چاڵێکی رەش
کە خەملاوی
زنجیر و نەفرەتە و
گوناح تەنیا ووشەی
بەنرخی دیوارەکانیەتی
مانگ دەڕوانێ و تەنیا

هیوای بە ئاگرێکی سوورە

***

مانگ تەنیا

زلە بەردێکی بێ هەست

بەڵام کاتی دابەش کردنی جوانی و پاکی

خوا

بەشی هەموو

زیوی چاڵەکانی

کرد بە دیاری

بۆ مانگی تەنیا